دادگای دهۆک سێ ساڵ سزای زیندانی بەسەر ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد سپاند

ئەمڕۆ دووشەممە 29ـی تەمموزی 2024، دادگای دهۆک سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بەسەر ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی (ڕۆژ نیوز) سپاند.

بەپێی زانیارییەکان، دادگای دهۆک ڕۆگەی نەداوە نوێنەری یەنامی بەشداری دانیشتنەکە بکەن کە ئەمڕۆ دووشەممە بەڕێوەچوو.

هاوکات، بەیارە کەمێکی دیکە لەبەردەم دادگای دهۆک کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن کەس و کار و پارێزەران و نوێنەری یەنامی ئەنجام بدرێت.

زانیاری زیاتر...

هەواڵسازی بەشی عەرەبی ئاژانسی ڕۆژنیوز، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد کە خەڵکی عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستانە ڕۆژی (1ـی تشرینی یەکەمی 2023)، بە سەردان و دیدار لەگەڵ بنەماڵەکەی چووبووە گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەب لە سوریا و لەدوای گەڕانەوەی لە ڕۆژی 25ـی تشرینی یەکەمی 2023 کاتێک دەیویست لە دەروازەی فیشخابورەوە بگەڕێتەوە بە هەرەمی کوردستان بە کارەکەی لە سلێمانی، لەلایەن ئاسایشی دهۆک ڕفێندرا و دوای زیاتر لە حەوت مانگ پاڕێزرانی توانیان چاویان پێی بکەوێت.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە سلێمانی کار دەکات، ماوەی نە مانگە لەلایەن ئاسایشی دهۆک بە تەمەتی پێیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیرکراوە.

پێشتر ئاژانسی ڕۆژنیوز کە ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تێیدا کاری دەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستانی تەمەتبارکرد بە ڕفاندنی ئەو ڕۆژنامەنووسە بەتەمەتی ناڕەوا و بەبێ هیچ بەڵگە و سەلامەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە خستەپاڵ ئاسایشی دهۆک کە بە "ئاسایشی پارتی" وەسف کرد.